كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
1-5-2007 19:14بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

## وەچەكانی مەلیک!.. ئەرسەلان مەحمود

Amk974@yahoo. com

مەرگی دوعا.. ڕووتبوونەوەی مرۆڤبوو لەوجودی خۆی.. هەڵوەرینی دوعاو فریشتەكانی ئەرزو ئاسمان بوو لە گەورەیی خوا.. تائێرە، دواهەمین سوتانی بەهاربوو بەدەست وەچەكانی مەلیكەوە!.. وای.. لەدوعا.. ئاه.. لەكوێبوو ویژدان!.. تف، هەزاران هەزار جار تف لەخۆمان!..



گەلۆ هاوار.. بڵێی ئێمە مەخلوقی چ زەمان و چ زەمین و چ وەرزێكبین!؟.. چ تێكەڵەیەك لە مێگەل وگۆلاوەجێی چ ژینگەیەك بین، چ بەربەری و ژەهری چ سەرچاوەیەكی دیرۆكی كولتوری یان ئینسانی لیخنبین!؟.. دەبی ڕژابینە كام دەریای وجودی بەشەریەت یان وەحشیەتەوە؟!..

لەو ڕۆژەوەی دڕندانە بەردبارانی دوعاكرا، لەوساتەوەی بەهاكانی جوانی و ئەوین، وجودیان تێكەڵ بەعورفی جەنگەڵ كرا.. دڕدۆنگی دایپۆشیوم، گومان لە حەرف بەحەرفی دیوی ناوەوەی مەعبەدەكانی ئاسمان و ڕێسمان.. ڕستە بە ڕستەی ئەم دیوو ئەودیوی ئیمان دەكەم، بڕوامپێبكەن، شەرم لەمرۆڤبوونی خۆموو ئێوەو ئەم هەموو جورئەتەی جوبڕەئیل دەكەم!.. چۆن دەتوانێ چۆن، تاگیانكێشان، لەبەرامبەر ئەو زوڵمەدا، لەبەردەم ئەو تاوانەدا، وەختی بەرامبەر پەپولەیەك دەكری، خۆی ڕاگری!!!...

سەیركە چ درۆێكن"دراوسێكەت وەك خۆت خۆشبوی، براكەت وەك خۆت خۆشبوی، هاوڕێكەت وەك خۆت خۆشبوی، منت وەك خۆت خۆشبوی هەمووشتێك، هەموو مەخلوقێكی ئیلاهیت وەك خۆت خۆشبوی. خۆشەویستی بكەن بەپیشە، خۆشەویستی ببەشنەوە، میهرەبان و دڵارامبن، فرمان بەچاكەو نەهی لەخراپە بكەن"ئای لەو گەلەقسە بێناوەرۆكانەی ناوپەرتوكە كۆن و جەمعی پەڕاو و روپاكی ئاینزاكان!..

چیتان فێركردین، بەكوێیانەوە پەیوەستبووین، درۆمانكرد، ئێمە لە بوونەوەرە هەرە درۆزنەكانی دوا وەچەی مەلیكەین، ئاخر ئەو ڕۆژە ڕۆژی حەشربوو، كێدەیزانی كەرنەڤاڵی ئەو مەحشەرە لەبەعشیقە ڕێكدەخرێت، كوا بڕیاربوو لەمەوسیمی ئەو وەرزەدا، پەپولەیەك لەخاچ بدرێت!.. ئێوە لەكوێبوون، ڕۆژی سڕینەوەی ڕۆح بوو لەجەستە!.. جیا لەپۆلیسە بێچارەكانی مالیك و مەلیكە، كەستانمان بەدینەكرد پیاوەتی خێرو شەڕمان جوێبكاتەوە، ئەمسەرو ئەوسەری نێو گەلە گورگتان بۆگەڕاین، تەنها ئێوە نەبی هەمووومان لەوێبووین، ڕۆحلەبەری نەبوو بەردو بلۆكەكانی ناو دەستە ڕەشەكانمان فڕێبداتە، بناغەكانی ئاوادەنی.. ئیدی ئێمە تاوانمانكرد، گوناهمانكرد!.. دەبوو باڵوێزی مەرگ!.. نەنێرنە ئەوشوێنانە، دەبوو دەستی ئەویش نەچێتە گیانكێشانی ئەو پەپولە بێتاوانە، دەبوو خۆتان لەحزوربان.. هەرنەبا دەبوو سوێتان لەگەورەیی خۆتان بووبایەوە!..

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
1-5-2007 19:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئیتر بۆچی پەرجۆیەك لەهونەری مرۆ سالاری بەڕوی ئەوانەدا ناخولڵقێنن کە دەستکردەکانی ئێوە دەشێوێنن!.. دەبوودەستە نەگریسەکانی ئیبلیس، ببڕن، دەبوو ڕێگەنەدەن بەرد لەباڵی پەپولە ڕۆحسوکەکانی دۆزراوەی یەکەم هەرێمی ژیان بگرن!..

ئای لە تاریکی ئەو دڵانە!.. وای لەنەڕەنەڕی ئەوگورگانە!.. بڵێی ئەوە مەخسرەی چ ڕێسایێك بێت، چ مردنێك بمانکوژی و چ مەرگێکمان پیشانبدات!... ئاخر ئێمە هەموو هەنگاوێکمان، بۆ وونکردنی جوانی بووە، تەنانەت لە ئەو پەڕی ڕووناکیدا، بۆدیلکردنی پەروانە بووە، لەتێرکردنی غەریزەداو ئایندە یان مانەوەمان لەسەری زەکەرمانەوە دەبینین وشەرەفی شەرمەزاری پیاوەتیمانی برەو پێدەدەین، توراسی کۆنە سەردەمێکین، وەکو ژەهر لە پێکی خۆشەویستیدا، وەکوبەراز لەچون و لەهاتندا، گەلەگورگێك لە لەناو مێرگی ئارامیدا!.. دەگمەنبوون، ئەوانەی لێوانلێو نەبووین لەلاواندنەوەی دووڕویی و کەممان هەیە دڵی نەبوبێتە بەرمیلە باڕووت و حەشارگەو کوشتارگەی خۆشەویستی و ئەوین!.. دەستمان لەخۆشەویستی بەرداوەتەوەو دەستەسڕەکانیشمان، ناوە بەنێوچاوانی شەرمەزاری!.. ئەوە دوا حیکمەتی ئێمەیەو بەمەش ئەوین و جوانی و خۆشەویستیمان بۆ هەمیشە دۆڕاند کارخانەیەکی جەهەننەمیمان وەڕێخستووە، دەدەی دوعالەحزور خوا پڕبەگەروت هاواربکەو بۆ ئەبەد تف لەپیاوەتیمانبکە!.. زویرمەبە جەننەتی تۆو فریشتە لوت و لێوبڕاو سوتاوەکان، کیژۆڵە هەناسەساردەکان، خانمە دڵگەرم وگەورەکان، جەنگڵستان نییە!.. ئەوەی لەتۆش جێدەمێنی پەیامێکە بۆنی سوتاندنی نهێنیەکانی وجودی لێدێت، هەستی بڕانەوەی ڕێواس دەبەخشی، تامی حەرام هەڵدەکێشی، شەوی یەڵدا، هەموو ژیان و هەموو ئومێد، دادەپۆشی!..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.